# تاڵەبانی کوردی پێ گەلێک بیرکولە

**ئەمجەد شاکەلی**

**دوێنێ 2005/9/30 لە دووکان و لە هۆڵێکدا بە نێوی هۆڵی شەهید عەلی عەسکەری، جەلال تاڵەبانی، سەرۆککۆماری عیراق کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیی کرد. لە هۆڵەکەدا جەلال تاڵەبانی لە پێش وێنەیەکی گەورەی عەلی عەسکەرییەوە ڕاوەستابوو و قسەکانی خۆی دەکرد. تۆ ئەگەر نەزانیت جەلال تاڵەبانی لە دووکانەوە قسەی کردووە و چاوی بە ڕۆژنامەوانان کەوتووە، هەرگیز بە تابلۆ و دیمەنەکاندا نازانیت ئەو جێگەی لێی ڕاوەستاوە و قسان دەکات، کوردستانە، دەکرێ تاران یا هەر باژێڕێکی دیکەی ئێران یا ئەفغانستان یا تاجیکستان بێت. دەزانیت لە بن وێنەکەی عەلی عەسکەریدا چی نووسرابوو! نووسرابوو: <u>شهيد علي عسكري</u>. ئەو نووسینە نە کوردییە و نە عەرەبییە،  کە بە حیسابی حوکوومەت و عیراقەکەی جەلال تاڵەبانی خۆی دوو زمانی فەرمیی عیراقن، بەڵکە فارسییە، بەڵێ فارسی!**



**لەمەڕ یەکخستنەوەی هەردوو کارگێڕیی حوکوومەتەکانی باشووری کوردستانەوە، جەلال تاڵەبانی هەر لەو کۆبوونەوەیدا لەگەڵ ڕۆژنامەوانانداا گوتی:**"هەنگاوی زۆر باش نراوەو دەتوانم بڵێم لە سەر تەواوەتی شتەکان گەشتوینەتە رێکەوتن ، تا رادەیەك لەم گەشتەی دواییمدا بۆ دەرەوە لە گشت کۆبوونەوەکان و بگرە لە کۆشکی سپیش برای بەرێز كاك نێچیرڤانمان وەك سەرۆكی حكوومەتی هەرێمی كوردستان ناساند ، بەلاَم شتێك هەیە كە دەبێ ئەم كارە پەلەی لێ نەكرێت، چونكە نزیكەی 7 ساڵ دەبێت دوو ئیدارە و

دووحکوومەت هەیە، ئاسان نییە تۆ ئەم دوو حکوومەتە تێکەڵ کەیەوە، چونکە ئەو هەموو وەزیر و بەرێوەبەری گشتی و کارمەندەی کە هەن چییان لێ دەکرێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە چەندیین یاسا هەیە لێکدانەوەیان ئاسان نییە". جەلال تاڵەبانی پێیوایە هێشتا زووە بۆ یەکخستنەوەی هەردوو کارگێڕییەکەی باشووری کوردستان و ئەو کارە بە ڕای ئەو دەبێ پەلەی لێ نەکرێت! دابەشبوونی کارگێڕیی کوردستان و بوونی بە دوو کارگێڕی و دوو حوکوومەت دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1994، کە ئیدی جەنگیی نێوخۆی کورد-کورد دەستیپێکردەوە و یەکیەتییەکەی جەلال تاڵەبانی بە کوودێتایەک حوکوومەتی هاوبەشی خۆیان و پارتیی دیموکراتی کوردستانیان، کە نێزیکەی سێ ساڵێکی خایاند، هەڵوەشاندەوە و پارتییان لە هەولێر شاروەدەر کرد و بۆ خۆیان بوون بە خاوەنی هەولێر. دواتریش، کە پارتیی ئەوانی لە هەولێر وەدەرنا، ئەوان حوکوومەتەکەیان گواستەوە سلێمانی و ئەوێ بوو بە پێتەختی حوکوومەتەکەیان. ئیدی لەوێ ڕۆژێوە باشووری کوردستان لە لایەن دوو حوکوومەتەوە بەڕێوە دەبرێ. حیزبەکەی جەلال تاڵەبانی ئەودەم بە فوویەک کوودێتای خۆیان کرد و دەسەڵاتیان لە باشووری کوردستاندا کرد بە دوو لەتەوە. وەنەبێ دوولەتکردنی دەسەڵات لە باشووری کوردستاندا کارێکی نوێ بێت بۆ حیزبەکەی جەلال تاڵەبانی و هەر لە 1994دا ئەو کارەیان ئەنجام دابێت، ئەوان لە 1964دا ئەو کوودێتایەیان دەستپێکرد و ماڵی کوردیان کردە دوو کەرتەوە. ئەو کەرتکردن و ماڵجیاییە بۆ ئەوان هەمیشە کارێکی گەلێک ئاسان بووە و ئاسانە و هەر زۆر گورج و خێرا توانیویانە جێبەجێی بکەن. گرفت و کێشەی سەرەکی تاڵەبانی و کارگێڕییەکەی ئەو لە یەکنەخستنەوە و یەکنەگرتنەوەی هەردوو حوکوومەتەکەی باشووری کوردستان بە لای تاڵەبانی و هاوڕێیانییەوە ئەورۆ لەوەدایە، کە" ئەو هەموو وەزیر و بەرێوەبەری گشتی و کارمەندەی کە هەن چییان لێ دەکرێت ". تاڵەبانی و تەواوی هاوڕێ و هاوحیزبانی، ئەو پۆست و پایانەیان بەلاوە گرنگە و نازانن چی لەو وەزیر و بەڕێوەبەرە گشتی و کارمەندانە بکەن! ئەمەی کە ئێستا تاڵەبانی دەیڵێت، پێش ماوەیەک کوسرەت ڕەسووڵیش گوتی و ئەویش ئەو خەمەی لێ میوان بوو! تاڵەبانی و هاوبیرانی پێیانوایە دەسەڵات تاسەرە و هەر دەمێنێت و پێیانوایە ئەوەی بوو بە وەزیر و گزیر و بەڕێوەبەر، ئیدی دەبێ واز لە کورسییەکەی نەهێنێت و بەردەوام و تا مردن یا کوشتن و بەتۆبزی وەدەرنان سواری سەری ئەو خەڵکە بێت. تاڵەبانی و هاوڕێیانی سیاسەت و وەزارەت و کار بۆ خۆپێگەیاندن و دەوڵەمەندبوون و دەسەڵات دەکەن، نەک بۆ خزمەتی خەڵک و وەک کار. ئەوان پۆستی وەزارەت و بەڕێوەبەریەتییان پێ لە یەکگرتنەوەی کورد گرنگترە! ئەوان هەموو کورد و تەواوی کوردستان دەکەن بە قوربانیی کورسییەکی وەزارەت، چونکە بە سایەی ئەو کورسییەوە هەرچی لات و چەقۆکێش و مشەخۆر و لامژی سیاسەت و جڤاک هەیە بوون بە خاوەنی میلیۆنان دۆلار و خانوو و زەوی و کۆشک و سامانی زۆر و زەوەند. سیاسەتکارێکی سوێدی هەبوو، بە نێوی تۆربیۆن فەلدین(Thorbjörn Fälldin)، بۆ خۆی وەرزێر و ئاژەڵبەخێوکار بوو و سەرۆکی پارتیی نێوەند(Center) بوو. لە نێوان ساڵانی 1976-1978 و 1979-1982یشدا سەرۆکی حوکوومەتی سوێد بوو. کە حیزبەکەی لە هەڵبژاردنی ساڵی 1982دا بەرانبەر حیزبی سۆسیال دیموکرات دۆڕا و ئوولۆف پاڵمێ بوو بە سەرۆکی حوکوومەت، ڕۆژنامەوانان لێیان پرسی، کە پاش دۆڕانی لە

هەڵبژاردندا و بەجێهێشتنی پۆستی سەرۆکی حوکوومەت چ دەکات! گوتی:"دەچمەوە چێلەکانی خۆم بەخێو دەکەم". با وەزیر و گزیر و بەڕێوەبەرەکانی تاڵەبانییش بگەڕێنەوە سەر کارەکانی پێشووی خۆیان و دەست لە یەخەی ئەو خەڵکە ستەمدیدەیە بەردەن. تاڵەبانی باس لە قانوونگەلێکیش دەکات، کە بە ڕای وی لێکدانەوەیان ئاسان نییە، بۆیە تێکەڵکردنەوەی هەردوو حوکوومەتەکەی پێ سەختە. کامە قانوونێکە تاڵەبانی باسی لێوە دەکات! لەکوردستانەکەی تاڵەبانییدا چ قانوونێک پێڕۆ دەکرێت! ئەگەر قانوون هەبووایە ئەو وڵاتە وەهای بە سەر نەدەهات وەک ئێستاکە دەیبینین! کوردستان مەیدانێکی بەربڵاو و بەرینە بۆ دزی و دەوڵەمەنبوونی دەسەڵاتداران و بەرپرسان و ڕووتاندنەوەی هەژاران و دزینی هەرچی شتی گشتی و هی خەڵک و وڵات و خاکە. ئەوەی تاڵەبانی نێوی یاسای لێ دەنێ، تەنێ بێیاساییە و کۆمەڵێک ڕستە، کە پتر دەستی دەسەڵاتداران بۆ دزی و ڕاووڕووت و چەپاو و داگیرکردن ئازاد دەکات. قانوونێکە ئازادی بە دز و ساختەکار و دەسەڵاتداری ملهوڕ دەبەخشێت، بۆیە بە لای تاڵەبانییەوە تێکەڵکردنەوەیان هێندە ئاسان نییە!

لەمەڕ ئەو کوردانەی کەرکووک جێدەهێڵن و دەگەڕێنەوە سلێمانی و هەولێر، جەلال تاڵەبانی هەر لەو جڤینەیدا **گوتی**:" ئەو کوردانەی لەم قۆناغە ناسکەدا کەرکوك بە جێ دێڵن و لە پێناو بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەرژەوەندی گەلەکەیان دەخەنە ژێرەوە ، من دەڵێم ئەوانە خائینن و داوایان لێدەکەم دەست لەم خیانەتە هەڵگرن". تاڵەبانی ناپرسێت کێن ئەوانەی کەرکووک جێدەهێڵن و دەگەڕێنەوە هەولێر و سلێمانی! وا بۆ دوو ساڵێک دەچێت دەیان هەزار ماڵە کوردی ئاوارەی کەرکووک، کە ساڵانێکە لە سلێمانی و هەولێر دەژین، بە هاندانی هەردوو کارگێڕییەکەی سلێمانی و هەولێر گەڕاونەوە کەرکووک، بەڵام چ کەرکووکێکە ئەوان بۆی گەڕاونەوە! ئەو خەڵکانە لەژێر چادر و لەنێو گۆڕەپانێکی بێ ئاو و بێ ئەلەکتریک و بێ خوێندنگەی منداڵ و بێ گەرمی بۆ زستان و بێ فێنکی بۆ هاوین و بێ ساکارترین پێویستییەکانی ژیان، دەژین. تاڵەبانی بۆ خۆی بێجگە لە کۆشکەکانی قەڵاچوالان و دووکان و کۆیە و لەندەن و ئەنقەرە و ...بە تەمایە لە ئیستانبوولیش ببێتە خاوەن کۆشک و بێجگە لە میلیۆنان دۆلاری مووچەی خۆی و ماڵ و منداڵی و پاسەوان و خزم و کەس و دەوروبەری و هەزاران بەزمی دیکەی، خاوەنی دەسەڵاتێکە، کە پێی دەکرێت هەموو شتێک بۆ خۆی دەستەبەر بکات، کەچی کەرکووکییەکی هەژاری لە برسییەتی و سەرما و گەرما و نەبوونە هەڵاتبێت، بە خیانەتکاری دادەنێت، لێ دز و جەردەکانی دەوروبەری خۆی، کە هەریەکەو بێجگە لە بەعسیبوون و کوردکوشتن و جاشایاتی، دەیان دزی و ساختەکاری و داوێنپیسیشی بەدواوەیە، بە خیانەت دانانێت! با بەو میلیۆنان دۆلارانەی، کە دەسەڵاتدارانی کوردستان دەیدزن و دەینێرنە دەرێی کوردستان و وەک سەرمایە دەیخەنە گەڕ، بڕێک باری ژیانی ئەو کەرکووکییانە ئاسان کرابا و خانوو و جێ و خوێندنگە و ژیانیان بۆ دابین کرابا، ئەودەمی ئەگەر هەڵاتبان و کەرکووکیان جێهێشتبا، با تاڵەبانی نێوی خیانەتکاری لێ نابان!

2005/10/1